## تاريخ وجغرافياى دارالسلطنه تبريز

نووسەری ئەم کتێبە فارسییە، نادرمیرزایە کە بە چەند پشت دەگاتەوە فەتح عەلیشای قاجار و بەم بۆنەیەوە بە شازادە نادر میرزا ناسراوە. نادر میرزا لە شاری گورگان هاتۆتە دنیا بەڵام ماوەی ٤٠ ساڵ لە تەورێز ژیاوە، ئەم کتێبەی لە ماوەی ئەو ٤٠ ساڵە دا نووسیوە و لە ساڵی ١٣٠٠ ی کۆچی مانگی (١٨٨٢ ی زایینی) کۆتایی پێهێناوە، ئینجا لە ماوەی دووساڵی دواتر دا هەندێ بابەتی لێ زیاد کردووە.

لاپەرە ٣٠٤ تا ٣٥٢ ی ئەم کتێبە تەرخانی راپەڕینی شێخ عوبەیدیللای نەهری کراوە. لەم بەشەدا ناوێکی راستە و خۆ لە بۆکان نەهاتوە بەڵام بە هۆی ئەو راستیەوە کە شۆرشی شێخ و راپەڕینی هەمزاغای مەنگوڕ هەموو ناوچەی موکریانی گرتبوەوە، پێوەندێکی زۆری بە مێژووی ئەوساڵانەی بۆکانیشەوە هەیە(١٨٨٠ ی زایینی).

بایەخێکی دیکەی کتێبەکە، ژین نامەی سەدان کەسایەتی ئێرانی سەردەمی قاجارە و لەم پەیوەندەدا چەند لاپەڕەیەکیشی تەرخانی ژیانی عەزیز خانی سەردار کولل(یەکەم سەرداری بۆکان) کردوە، بڕوانە لاپەرە ١٨٥ تا ١٨٩ و هەروەها چەندین شوێنی دیکەی کتێبەکە.

تاريخ و جغرافى دارالسلطنه تبريز، تاليف مرحوم شاهزاده نادرميرزا، با مقدمه و شرح و تعليقات و تنظيم فهرستهاى لازم از محمد مشيرى، چاپ سوم، انتشارات اقبال، تهران ١٣٦٠(١٩٨١)،فارسى.